# هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق؛ هەڵسەنگاندنێکی بەرایی!

13-10-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

RRC|

زریان ڕۆژهەڵاتی|

بەرایی

دواجار هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی عێراق کرا بەڵام وەك پێشبینی دەکرا، هەر لە دەرکەوتنی شەپۆلێکی نارەزایی لە ئەنجامە سەرەتاییەکان، ئەویش دوای رۆژێك بێدەنگی و متبوون، هەتا بگرە و بەردە چاوەڕوانکراوەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، وادیارە هەویری ئەم هەڵبژاردنە ئاوی زیاتر هەڵدەکێشێ!

ئەنجامە سەرەتاییەکان چیمان پێدەڵێن؟

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لەوانەی تا ئێستا راگەیەنراون ئەم ئەنجامانە دەربخەین:

یەکەم: باڵی سیاسی هێزەکانی حەشد تووشی شۆك بوون و لەوەشدا، رێکخراوی بەدر لە هاوپەیمانیی فەتح زەرەرمەندی یەکەمە. فەتح بۆ ئەم هەڵبژاردنە 73 کاندیدی هەبوو، لە زۆرێك لە بازنەکانیشدا تەنیا کاندیدێکی دانابوو بۆ ئەوەی چانسی بردنەوەیان زیاتر بێ، بەڵام بە شەش لایەنەوە کە عەسائیبی ئەهلی هەقیشی تێدایە و پێشتر نزیکەی 15 پەرلەمانتاری هەبوو، لە نێوان 15-20 کورسییان بردۆتەوە. لە کۆی کورسییەکانی فەتح لە هەڵبژاردنی پێشوودا، بە تەنیا 18 دانەیان هی بەدر بوون و ئێستا بە شەش لایەنەوە، ئەوسا ژمارەیەکی لەودەورەیان دەستخستووە کە بەشێکی کورسییەکانیش بەهۆی پێکهاتە شیعییە غەیرە عەرەبەکانی نێو بەدرەوە دەستکەوتوون!

کەتائیبی حیزبوڵڵا بە زیاتر لە 32 کاندیدەوە دەیویست خۆی تاقیبکاتەوە بەڵام دانەیەك یان دووانی بردۆتەوە. دۆڕاوێکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنەش، فالح فەییاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی بوو کە بە هاوپەیمانییەکی 7 لایەنی شیعی و سوننییەوە، 81 کاندیدی دانابوو، بەڵام کارنامەیەکی سەرکەتووی پیشاننەدا.

هەڵبەت مەرج نییە کەمکردنی ژمارەی کورسییەکانی ئەم گرووپانە واتای کەمبوونەوەی کاریگەرییان لە مەیدانی سیاسی عێراق بدات، چونکە هێزی چەکداری و کەرەستەی گوشاری بەهێزیان لەبەردەستدایە تا وەك ئەکتەرێکی سیاسی بمێننەوە.

دووەم: گرووپە پرۆ-ئێرانییەکان لە عێراق لە پاشەکشەدان بەڵام، بەرزبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی نوری مالکی- دەوڵەتی یاسا هاوسەنگییەکی بۆ ئەوان دروستکردووە.

سێیەم: سەرکەوتنی سەدر شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. ئەو رەوتە لە بەغدا، بەسرە، میسان و زیقار جێپێی خۆی زیاتر لە جاران قایم کردووە. هەڵبەت ئەم بردنەوەیە واتای ئەوە نییە کە گوتاری "چۆنم بوێ دەتوانم حکومەتی داهاتوو پێکبێنم" سەردەگرێت. سەدر ئەگەر بە تەمای حوکمڕانی بێت، دواجار دەکەوێتەوە پرۆسەیەکی دانووستاندن لەگەڵ گرووپە پرۆ-ئێرانییەکان، ئەگینا ناتوانێت حکومەتێکی سەقامگیر بنیات بنێت. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە سەدر ئەوەندەش لە گرووپەکانی نزیك لە ئێران دوور نییە. پێکەوە لە قوم لەگەڵیان بەیاننامەی بەرەی موقاوەمەی خوێندەوە، دواجاریش دوای کۆبوونەوەیەك لەگەڵ عەمار حەکیم و هادی عامری بوو کە لە بڕیارەکەی خۆی بۆ بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن پەشیمان بووەوە. قوتبوونەوەی رکابەرێکی وەك مالکیش ناچاری دەکات کە دواجار لە دەرگای رێککەوتن لەگەڵ ئەو گرووپانە بدات.

چوارەم: بەشدارینەکردنی نزیکەی 60%ی دەنگدەران رووداوێکی ئاسایی نییە، وەك چۆن ئەوەی کە لە 2018شدا روویدا ئاسایی نەبوو. تەنانەت داواکارییەکەی ئایەتوڵڵا سیستانیش ئەو کاریگەرییە بەهێزەی نەبوو تا خەڵك بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و رێژەی بەشداری هەر بە کەمیی مایەوە. دەنگی زۆربەی حیزبەکانیش لە ژێر کاریگەری ئەم بایکۆتەدا کەمیی کردووە، هەرچەند لەوانەیە کورسییەکانی هەندێکیان زیادیشی کردبێت. ئەمە بۆ کۆمەڵگایەکی وەك عێراق کە زۆربەی خەڵکەکەی بە جۆرێك سەریان بۆ سیاسەت دەخورێ، تەنیا بەشدارینەکردن نەبوو، بەڵکوو نارەزاییەکی پێوەدیارە و، لە ئەگەری هەر قەیرانێکی گریمانەییدا، پوتانسیەلی تەقینەوە و دەرکەوتنی هەیە.

پێنجەم: درەوشانەوەی گرووپێکی وەکوو ئیمتیداد لەم هەڵبژاردنەدا هیوایەك درووستدەکات بۆ نارازییەکان تا لە قۆناخەکانی داهاتوودا رێگای هەڵبژاردن تاقیبکەنەوە. بەرلە هەڵبژاردن کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ ژمارەیەك لە نوێنەرانی تشرینییەکان لە ناوەندی

لێکۆڵینەوەی رووداو رێکخست. ئەوان بە گشتی دوودڵ بوون لەوەی کە بتوانن بە هەڵبژاردن گۆڕانکاری دروستبکەن و، زیاتر وەك پرۆسەیەکی درێژخایەن سەیریان دەکرد. هەڵبەت ئەنجامەکەی ئیمتیداد دەتوانێت گۆڕانی ئەو بۆچوونە خێراتر بکات. بێجگە لە تشرینییەکان دەرچوونی نزیکەی 25-30 کاندیدی سەربەخۆش، کە زۆربەیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراقن، دیاردەیەکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنەیە کە شایانی ئەوەیە لێی ورد ببینەوە.

شەشەم: هەندێك لە هاوپەیمانییەکان گرتی وهەندێکی دیکەش نەیانگرت. هاوپەیمانیی یەکێتی و گۆڕان لە نێو کورد بە قازانجی یەکێتی شکایەوە بە تایبەت دوای ئەو رووداوە نێوخۆییانەی کە بەرلە هەڵبژاردن لەو حیزبەدا روویاندا. هاوپەیمانیی حەکیم-عەبادی لە نێو شیعەکان و، هاوپەیمانیی عەزم لە نێو سوننەکان لەو هاوپەیمانییانە بوون کە لانیکەم خێری بۆ هەموو لایەنە بەشداربووەکان نەبوو. لە بەرامبەردا، هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا جارێکی دیکە بەهێز بووەتەوە. ئەمە پێگەی نوری مالکی لە نێو حیزبی دەعوەش بەهێزتر دەکاتەوە کە لە دوای 2008وە بەدەست چەندین دابڕان و ناکۆکیی نێوخۆیی حیزبی دەعوەوە ناڵاندوویەتی. دەشێ بێژین کە محمەد حەلبووسیش سەرۆکایەتیی هاوپەیمانییەکی سەرکەوتووی لە نیو سوننەکان کرد و لەم هەڵبژاردنەدا خۆی وەك لیدەرێکی بەرچاوی سوننە دەرخست.

حەوتەم: هێڵەکانی سیاسەت لە عێراق جارێکی دیکە بۆ سێ هێڵی شیعی، سوننی، کوردی گەڕایەوە. ئەمیش دوای ئەوەی کە بە هۆی شەڕی داعش و رووداوەکانی پاش گشتپرسی، گوتاری گشتیی عێراقی بە تایبەت لە 2018 بەرەوی سەندبوو. سیاسەتی هەندیك لە حیزبە شیعییەکان بۆ ئەوەی لە سەرتاسەری عێراق بە دیاریکراوی لە ناوچە شیعی و سوننییەکانیش دەمڕاست بن، سەرینەگرت. ئەوەی عەبادی، حەکیم، و فەتح لە هەڵبژاردنی رابردوودا لە ناوچە سوننییەکان کردیان ئەمجارە سەرینەگرت و حەلبووسی گوتی من هەم! پێشتر لە کوردستانیش خۆ تاقیکردنەوەی گرووپە شیعییەکان سەرینەگرتبوو.

هەشتەم: لە کوردستان زیاتر لە هاوپەیمانیی، بەشداریکردنی حیزبی بە تاقی تەنیا زیاتر وەڵامی داوەتەوە. ئەمە لە نموونەی پارتی و نەوەی نوێ دا دەرکەوتووە. بە پێی ئەنجامەکان، گوتاری ئیسلامگەرایی بە گشتی پاشەکشەی کردووە، بەڵام گوتاری چاکسازی- دژایەتی گەندەڵی و لەگەڵ گوتاری نەتەوەگەرایی یان تێکەڵاوێك لە گوتاری ئیسلامی ـ نەتەوەیی وەك نموونەی کاندیدەکانی یەکگرتووی ئیسلامی رەواجی هەیە.

کۆتایی

هەرچەندە لەسەرەتاکاندا گەلێك لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی باسی ئەوەیان دەکرد کە پرۆسەی دەنگدانەکە بە باشی بەڕێوەبراوە بەڵام، ئەو ئاڵۆزییەی کە لە راگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان دەرکەوت، لێدوانەکانی سەدر لەبارەی دەستوەردان لەکاری کۆمیسیۆن، ناڕەزایی گرووپە چەکدارییەکان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، رووداوەکانی کەرکووك، ئاڵوگۆڕی دەنگی لایەنەکان و پرسی نەگەڕانەوەی بەشێك لە ئەنجامەکان، دەریخست کە هەم ئیدارەی هەڵبژاردن ئەو باشە نەبوو کە باسی لێوەدەکرا، هەم وەکوو، جارێ ئەستەمە تەنیا دەنگدانی خەڵك هەموو شتێك ببڕێنێتەوە! راستە هەڵبژاردن دەکرێ بەڵام تەنیا ئەوە نییە و دامەزراوەی ناهەڵبژاردنیی ناوخۆیی و دەرەکی، رۆڵێکی حاشا هەڵنەگریان لە دیاریکردنی ئاراستەی رووداوەکانی پاش هەڵبژاردن هەیە.